# جورئەتی یاخیبوون لە نۆرمە زاڵەکان و لە چاوەڕوانییەکانی زۆرینە

# ئەحلام مەنسوور وەک ڕچەشکێنێک

ڕۆزا حوسێن

ڕۆژێکی گەرمی هاوینی ساڵی ٢٠١١ بوو، کە لە باخچەکەی "قاوەخانەی کولتووریی" لە سلێمانی ئەحلام مەنسوورم بینی. ئەو هاتبوو بۆ سێمینارێکی من و لە پەنایەکەوە لەگەڵ چەند کەسێکی تر دانیشتبوو. ڕۆیشتم بۆ لای و سڵاوم لێیکرد و پێموت پێویست ناکات خۆتم پێبناسێنیت، چونکە چەندین ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵە چیرۆکی "پرد" تۆی گەیاندە لای من و پێت ئاشنا بووم. ئەوە یەکەم جارم بوو بیبینم و وەک شەخس ئاشنایەتییەکم لەگەڵیدا نەبوو. بۆیە ئەم بەشدارییەی من لەم یادکردنەوەیەدا سەبارەت بە یادەوەریی و ئاشنایی من، لەگەڵ خودی کەسەکەدا نابێت، بەڵکو سەبارەت بەو جۆرە لە بەشدارییکردنە دەبێت لە ژیانی گشتییدا، کە مەنسوور هەیبوو و سەبارەت بەو کۆنتێکستە کولتوورییە دەبێت، کە ئەو تێیدا ئەو جۆرە بەشدارییەی هەبوو.

لە بیرکردنەوەدا لە ئەحلام مەنسوور، بەر لە ئێستاتیکا و جوانیی ئەو ئەدەبەی بەرهەمی هێنا، ئەو وێنەیەی

خۆی فەرز دەکات، کە ژنێکە بێ دوودڵیی پێدەنێتە ناو ڕووبەری ئەدەب و ڕۆژنامەگەرییەوە و ئەو نۆرمە زاڵە پشتگوێ دەخات، کە ئەو ڕووبەرە بە تاپۆی پیاوان دەزانێت و ژن تێیدا، وەک تەنێکی نامۆ و بێئینتیما لەوێدا دەبینێت. ئەحلام مەنسوور لە ساڵانی هەشتاکاندا ئەدەبی بەرهەمهێنا و دەستی بۆ کاری ڕۆژنامەوانیی برد. لە سەردەمێکدا کە کۆمەڵگە ئامادە بوو لەسەر یاخیبوون لەو چاوەڕانییانەی ئەو هەیبوو لە ژنان، زۆرینەی کۆمەڵگە بکات بە گوشار بەسەرتەوە و هەوڵی ناردنەوەت بدات بۆ ماڵەوە.

پێداگریی لەسەر مانەوە و پشتگوێخستنی گوشارەکان، ئەو کات و ئێستاش بۆ کچان و ژنان لە ڕۆژهەڵاتدا باجێکی هەیە. زۆر لە ترسی ئەو باجە لێدەگەڕێن و خۆیان لە فەزای گشتیی بەدوور دەگرن. بەڵام ئەحلام مەنسوور بەر لە هەموومان ئامادە نەبوو وابکات. ئەو کەسێک بوو، کە بڕیاریدا ئەو باجە دوایین شتێک بێت خۆی پێوە سەرقاڵ بکات. ئەحلام مەنسوور جورئەتی کرد تووڕەیی پیاوانی کۆنەپارێز، نۆرمی زاڵی پیاوسالاریی و چاوەڕانییە کولتوورییەکانی کۆمەڵگە بۆ ڕۆڵی جیاوازی ژن و پیاو لەگەڵ توتندا لە پەڕی جگەرەیەکدا لەف بکات و بە شقارتەکەی ئاگریان تێبەربدات و بیانکات بە دووکەڵ و بە فوویەک بە ئاسمانیاندا بەرێت.

لەسەر ئەم ڕێزنەگرتنەی لە کۆمەڵگەی ئێمە، ئەحلام مەنسوور شایان بەوەیە کۆمەڵگەی ئێمە ڕێزی گەورەی لێبگرێت.

بیرمان نەچێت ئەو هەر تەنیا کەسێکی چاونەترس و یاخیی نەبوو، بەڵکو ئەو لە کۆنتێکستێکدا دەست بۆ چاونەترسیی و یاخیبوون دەبات، کە نادروست نییە بە وشەی «ڕچەشکێن» وەسف بکرێت. بۆ پێشاندانی ڕەوایی وەسفێکی وا، پێویست دەکات پێناسە و بنەچەی ئێتیمۆلۆژیی تێگەی ڕچەشکێن یان (pioneer) بەسەر بکەینەوە. وشەی (pioneer) ئینگلیزیی لە وشەی (pionnier) فەرەنسییەوە هاتووە، کە مانای سەربازی پیادەڕەوە. وشەکە لە سیاقێکی سەربازییەوە هاتووەتە ناو زمان و ئاماژە بۆ ئەو سەربازە دەکات، کە لە پێشەوە دەڕوات و ئەو ڕیسکە بە ژیانی خۆیەوە دەکات، کە زەمینە تاقینەکراوەکان بپشکنێت، تا ئەگەر مینڕێژ بوون بەودا بتەقنەوە و ئەگەریش بواری پەڕینەوە بەرسەریاندا هەبێت، ترس لە دڵی ئەوانی تردا نەهێڵێت و

ئەوانیش بەدوایدا بێن. ڕچەشکێنیی لە کۆنتێکستە کۆمەڵایەتییەکەیدا واتە کەسانێک، کە لە نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییە جێگیرەکان یاخی دەبن، نـۆرم و بەهای نوێتـر دەکەنە پایەی مامەڵەیان لەگەڵ ژیانی خۆیان و لەگەڵ دەوروبەردا.

دوای ئەم وردکردنەوەیەی تێگەی ڕچەشکێن، ئاسانتر دەبێت لە گرنگیی ئەو هەڵوێست و هەڵسوکەوتانەی ئەحلام مەنسوور تێبگەین بۆ ژیانی ئەمڕۆمان. کاتێک یاخیبوون لە کۆمەڵگە کۆنەپارێزەکاندا باجی قورسی هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا کەسێک تاسەر هەر بەردەوام دەبێت و باکی بە ڕەخنەی دەوروبەر نییە، ئەو سەنگەرێکی گرتووە بۆ شەڕێکی ڕەوا، بەڵام شەڕی تەنیابالانە. ئەحلام مەنسوور هەموو ژیانی خۆی دەخاتە پێناوی ئەو بەها و نۆرمانەی، کە خۆی باوەڕی پێیەتی، ئەگەرچی هۆشـیارە بـەوەی، کە ئەمە دەبێتــە هۆی ئەوەی لەبەرانبــەر هێزێکدا دەکەوێتە سەنگەرەوە، کە هەموو ئەوانەی عادەتیان بە ژیانی ناو ئەو کۆمەڵگەیەوە گرتووە و ئەوە بە ستاندارد دەزانن، لەپشتین.

کۆمەڵگــەی کوردیــی بــە پێرســپێکتیڤێکی گشــتیی کۆمەڵگەیەکی ترادیشــۆناڵ و کۆنەپارێزە لە مامەڵکردن لەگەڵ تاکەکانیدا بە گشتیی و لەگــەڵ ڕەگەزی مێدا بە تایبەتیی. دابڕینی مانەوە لەناو چواردیواری ماڵ و دەرپەڕاندنی کاری ناوماڵ بەسەر ژناندا، بەهایەکی جێگیرە، کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت نۆرمێکی زاڵە. ئەم نۆرمە مومکینە لەڕێگەی وتار، کتێب و چەندین ئامرازی تر بۆ گەیاندنی بیروڕاو بونیادنراو لەسەر بەهای مۆدێرن لاواز بکرێت. بەڵام گەیاندنی باسی بەها بەبێ ڕووخسارگەلێکی، کە نوێنەرایەتیی ئەو بەهایانە بکەن و بە بەرچاوی کۆمەڵگەوە پراکتیکی بکــەن، کارێکی زۆر ناکارا دەبێت. ئەحلام مەنســوور، یەکێک بوو لەو نوێنەرانە، نوێنەرێک، کە جورئەتی کرد سەر بەرز بکاتەوە و بە دەوروبەر بڵێــت: ئــەوا من بۆ خۆم بەو جۆرە دەژیم، کە خۆم دەمەوێت، ئێوەش ئەگەر ویســتتان ســەغڵەت نەبن، بەو ڕوانگە دونییەدا بچنەوە، کە بۆ ئینسانی مێ هەتانە.

هاوینی ٢٠١١، کە ئەحلام مەنســوورم بینی، بە ڕەفتاریدا دیار بوو، کە هەر ســوورە لەســەر ئەو هاندانەی بۆ کۆمەڵگە، کە ئەوە کۆمەڵگەیە، کە دەبێت جۆری بیرکردنەوە و ڕەفتاری خۆی بگۆڕیت نەک ئەحلام و کچانی ئازاد. دوای تەوابوونی سێمینارەکە، ئەحلام مەنسوور وەک هەر

ئامادەبوویەکی ئەو شارە، نەک وەک ژنێک بەو مەحدودییاتانەوە لەو کۆمەڵگەیەدا هەیەتی و دەبێت ڕەچاویان بکات، لەگەڵ ڕەفیقەکانیدا حەوشەی قاوەخانەی کولتووریی بەجێهێشت. ئەوە دوا بینینم بۆی. چاوم لێ بوو، کە لە دەرگەی حەوشەکە چووە دەرێ. لەو کاتەدا دەمزانی، کە ئێمەی کچانی کورد و هەموو کۆمەڵگەی کوردییش چارێکمان نییە، درەنگ یان زوو، دەبێت دوای بکەوین و بەو ئاڕاستەیەی ئەودا هەنگاو بنێین.